“وێنەی ژن لە چاندا گۆشە نیگایەکەوە” ... ئومێد قەرەنی

لە کۆمەڵگە بابسالاری و ئایینەکان هاوانگەی عەقڵی کە پتر لە پێکهاتەی بایەلۆژی ژنەوە سەرچاوەدەگریت، ئەم شێوە هاوانینەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کاتێک جیاوازییە بایەلۆژیەکان کرانە بنەما و هۆکاری جیاوازی کۆمەڵاتی، واتە دابەشکردنی کار، ڕێگە و دەستنیشانکردنی مافەکان لە نێوان ژن و پیاودا لە قۆناغێ بڕایەکانی مرۆڤایەتی و بەستراوەتەوە بەجۆر و ڕادەی بایەلۆژی. ئەمە بووە سەرچاوەیەک بۆ هاتنەکایەی بابەت و پرسی جیاوازی ڕەگەزی.
جیاوازی ڕەگەزی بۆ واتایە نزیک دەبێتەوە لە چەمکی جیاوازی کۆمەڵایەتی، کە بریتیە لە جیاوازی نێر و مێ، بەهۆی ستەمی باباڵادەستی ڕەگەزێک و پەسندکردنی تاک ڕەهەندێکی بەسەر ڕەگەزەکەی تر، کە ژنە سەری هەڵداوە. بەدەر لەمەش جیاوازی لەسەر بنەمای ڕەگەز سەرەڕای هۆکارە بایەلۆژیەکان، بەرهەمی کۆمەڵگەو بارودۆخێکی دیاریکراوە، پاڵپشت بە جیاوازیە کولتووریەکان کە ئەزموونێکی مرۆیی دوور و درێژی هەیە،وای کردووە ڕەگەزێک لەبەرانبەر ڕەگەزێکی دیدا لەژێرێک ئێرک و ماف بەبەشبێت.

ڕاستیەکەی ئەو کەڵەپووری حوکمی نێر و مێ دۆکات کەڵەپورێکی دواکەوتووە و دەگەڕێتەوە بەسەردەمی هەزی جەستەیی،دەنا ئەوی پێی وابێت پیاو لە ژن باشترە ئەوە هەشتا لەئەفسانە تەمەن درێژکانی سیستەمی بابسالاری دەربازی نەبووە. هەبەتە لەڕادا نابێت ڕەهەندی ئایینە ئاسمانی و زەوینیەکان لە پشتگرتن و ڕەوایەتی دان بە سیستەمی بابسالاری لەبیر بکەین کە بەردەوام هەل و شوێنی ژنیان لە زۆربەی بوارەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبەر گەڕانەوە بە پێوەندیە فەرهەنگی و سایکەلۆژی و کولتوریەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کەژن تێیدا دەژێت بە بەراورد بە پیاو تەواو نادیدە دەگرێت، و نکۆڵی دۆکات لەوەی ژن وەک مرۆڤێکی پڕگەیشتوو و سەربەخۆ، یەکسان و هاوبەش تەماشای بکرێت،ڕەهەندی ژن لە و کۆمەڵگەیانەدا پارێزریەتیە لە چەمکە باوەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە وەک (ناموس و شەرەف)

مژووی ئەو ئەفسانەیەش کە گوایە پیاو لەژن باشترە، هەر بەسەر هەڵدانی سیستەمی بابسالاری دەگەڕێتەوە. بەگوێرەی لێکدانەوەی ئەنترۆپلۆگەکان، ئەگەر هەشت هەزار ساڵێک بێت، بابسالاری سەری هەڵدابێت، لە پێش ئەو وەرچەرخانەدا، نزیکەی دووسەد هەزار ساڵێک،

ژن وپیاو لە ماف و ئەرکدا یەکسان و هاوبەش بوون. فرەدریک ئینگلس لەکتێبی (خێزانی خۆچێکی تایبەت و دەوڵەت)دا، پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت چەوساندنەوەی ژن و بابسالاری هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتی پەیدابوون(٢) هەروا لە بن سایەی سیستەمی کەپیتالیزمیشدا، بنیاتی ئابووری ژن لەجێستەیدا کورتکراوەتەوە و وەکو بەروبوم چاوی لە دەکرێ ئەوی گرنگ تەوکەکایەتی دنیا کاکڵکی هەر بە تووهەڵدانە، و ژن تەنێ بە بۆئەوە باشە منداڵی ببێت بۆئەوەی وەچە بە چەرخاندی مکینەو کارگەکانی بخاتەوە،

مارکس پێیوایە ژێردەستەیی و پاشکەیی ژن لەسروشت و پێکهاتە بایەلۆژیکەی سەرچاوەناگرێت کە ئافرەتان، بەکو ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتییەیە کە مێژوو و پێشینەیکی ئاشکراو و دیاریان هەیە و شیاوی گەڕانن(٢) کەواتە جیاوازیە بایەلۆژیکان جیاوازی سروشتین واتای ئەوە ناگەیەنن کە پیاو لە ژن باشتر و نابێت بکرێنە بنەمایەک بە درووستکردنی جیاوازی لەنێوان نێر و مێ لۆژیانی کۆمەڵایەتیدا و ئاگەڵ جیاوازی ڕەگەزی بەرهەم می بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی بێت،ئەوەدەبیت گەڕانی بەسەردابێت و لەڕەوە چەمکێکی دی دێتە پێش ئەویش بریتیە لە یەکسانی ئەگەزی، واتە ئەخساندنی دژفەتی یەکسان بە نێر و مێ لەئاپەڕاندنە کۆمەڵایەتیکان و پشقڕچوونی کۆمەڵگە ئەم یەکسانیەش بتەنە بریتی نەبێت لە (لەکچوون) بەلکو وەک بەها و، ئەزگرتن و، بە واتایەک دادگەری یەکسانی هە بێت لەنێوان هەردوو ئەگەز.

ئومێد قەرەنی

سەرچاوەکان:

١-حەمە سەعید حەسەن، مە لەسایەی ستەمدا، چاپخانەی موکریانی،هەولێر، ل ٦٩
٢- نەسرین حەسەن، من و تە یەکسانین،چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠ ل١٨